

# ئێکسسوار و کەرەستەکانت بە پێی رەنگ و نەخش هەڵبژێرە





هەموو ئێکسسوارێك جێگەی بایەخ و گرنگی خانمانن، چونکە زۆربەی ئێکسسوار و کەرەستەکانی جوانکاری بە شێوازێك دروست دەکرێ کە لەگەڵ خواست و ویستی خانمان بگونجێ، بەتایبەت لە رووی رەنگ و شێوازەوە. زۆربەی خانمانیش بە پێی رەنگ و نەخشدا ئێکسسوار و کەرەستەکان هەڵبدەبژێرن، ئەوەش رێگەیەکی دروستە لە بواری جوانکاریدا، دوو لایەنی گرنگ هەن لە جوانی کەرەستەکانی خانمان، کە یەکەمیان رەنگی کەرەستەکەیە، دووەمیش نەخش و شێوازە، هەریەکە لەم دووانە تەواوکەری یەکترن و جوانی ئێکسسوارەکە زیاتر دەکەن، جانتای دەستیش کەرەستەیەکی گرنگە لە ئێکسسوارەکانی کچان و خانمان، بۆیە تا چەند جوان و سەرنجراکێش بێت، جێگەی بایەخ و جوانیت دەبێ. رەنگی شەزری، کە رەنگێکە نزیکە لە سەوز و شین، رەنگێکی ناسکە بەتایبەت بۆ ئێکسسوار و کەرەستەی وەك: جانتا و دەستبەند و گوارە، هەروەها رەنگێکی شایستەیە تا لەگەڵ هەموو کەرەستەکانت شیاو و گونجاو بێت، تەنانەت بۆ جل و بەرگیش رەنگێکی ناوازەیە لە جوانیدا.

# چ جۆرە جلێک بۆ ئاهەنگی دەرچوونت هەڵدەبژێریت؟



ماوەیەکە کچانی قوتابی لە سەروبەندی دەرچوونیانن لە زانکۆ، ئەوانەی لە دواقۆناغەکانی خوێندنن، بە دڵێکی خۆشەوە دەیانەوێ پێشوازی لەو رۆژە بکەن کە ئاهەنگی دەرچوونە، چونکە خەونی چەند ساڵەیانە و دەیانەوێ لەو رۆژەدا بە جوانترین شێواز دەربکەون. ئاهەنگەکانی ئێستا زیاتر لە هۆڵ و شوێنە داخراوەکان دەکرێ، یان ئاهەنگی گەورەی دەرچوون لە شوێنێکی گەورە و تایبەتدا دەکرێ، هەر بۆیە خانمانی تازە دەرچوو، دەبێ بەوپەڕی جوانییەوە دەربکەون، تەنیا ئەوە نەبێ کە بتوانن جلێکی نایاب لە جوانیدا هەڵبژێرن. لێرەدا کچان بە دڵی خۆیان دەتوانن چ جلێك لەبەر بکەن، کە زیاتر کراسی درێژی عەزییە، بۆ ئەو رۆژە گونجاوە، هەروەها دەشتوانن تەنوورە لەگەڵ جلێکی سەرەوەی جوان رێکبخەن، هەروەها ئەوانەی حەز بە جلی کاسواڵیش دەکەن، یەکێك لەو جلانە هەڵبژێرن، بەڵام عەزییەی درێژ، یان ئەوانەی تا سەر چۆکە، نایابترین جلە بۆ ئەو رۆژە، وێڕای ئەوەش، رۆژێکی مێژووییە بۆ تۆی خانمی شەنگ، ئەو رۆژە جوانەشت لێ پیرۆز بێت.




# ڕەنگی سوور بۆ پرچ مۆدەی باوە

زۆربەی کچان ماوە ماوە لە ڕەنگی پرچیان بێزار دەبن و نیازیان دەبێ کە ڕەنگێکی دیکە لە پرچیان بدەن، کە دواتریش دوودڵ دەبن لەوەی چ ڕەنگێك هەڵبژێرن تا پرچیان بۆیە بکەن، هەر بۆیە دەچن لەم کەس و ئەو کەس دەپرسن، ئاخۆ چ ڕەنگێك لەم وەرز و کاتەدا مۆدەی باوە لە نێو کچاندا؟ چاکترە خانمان لەسەر جوانی و شێوەی خۆیان ڕەنگێك بۆ پرچیان هەڵبژێرن کە لەگەڵ ڕووخساری خۆیان بگونجێت.
هەندێ لە خانمان هەڵەی زەق دەکەن لە هەڵبژاردنی ڕەنگ بۆ پرچیان، دواتریش گلەیی دەکەن و دەڵێن: ئەو ڕەنگە جوان نییە، وەك ئەوانەی ڕەنگی پێستیان ئەسمەرە و دەچن ڕەنگێکی ڕەش بۆ پرچیان هەڵبدەبژێرن، تەنانەت هەندێکیش خۆیان سپی پێستن و ڕەنگی کاڵ لە پرچیان دەدەن، ئەوەش پێچەوانە دەبێ و تووشی نەشیاوییان دەکات لە جوانیدا، هەروەك (ڤیان) خان لە سالۆن بێریڤان وتی: ئێستا زیاتر باوی ڕەنگی سوور و جەرگییە بۆ پرچ، کە زۆربەی خانمان داوای ئەو دوو ڕەنگە دەکەن، مەرجیشە کە دەبێ بزانین چ نمرەیەکی ئەو ڕەنگانە لە پرچی ئەوانە دەدەین کە لەگەڵیان شیاوە، واتە تۆخی و کاڵی ئەو ڕەنگانە بەپێی شێوەی کەسەکە هەڵدەبژێردرێت.

# کارداشیان لە کارە سەیرەکانی بەردەوامە



ماوەیەکە ئەستێرەی تەلەفزیۆنی کیم کادرشیان هەموو جیهانی بە خۆی سەرقاڵ کردووە، بەتایبەت لەو کارە سەیرانەی ئەنجامی دەدات، بگرە لە پۆشینی جلی سەرنجڕاکێش و جووڵە و کاری سەیر کە لە نێو خەڵکدا دەیکات. زۆربەش دەڵێن، ڕەنگە کارداشیان بە دەردی بریتینی سپێرز بچێ، کە ئەویش ماوەیەك ئەو کارانەی دەکرد. لە تازەترین کارە سەیرەکانی کیم، پۆشینی ئەو جلە ڕووت و سەرنجڕاکێشەیە، کە بووە جێگەی کۆمێنت و قسە و باسی زۆربەی خەڵك، جلە سەیرەکەشی بریتیی بوو لە تەنوورەیەك کە تەنیا پارچە قوماشێك بوو، هەرچی جەستەی هەیە لەناو تەنوورەکەدا دیار بوو، ئەو جلەشی لەو کاتە لەبەر کردبوو کاتێك چاوپێکەوتنێکی هەبوو لە پرۆگرامی (جەیمی کەیمی)، بەو جلە سەیرانەوە، ئەوەش بووە جێگەی سەرنجی زۆربەی هەواداران و خەڵك و میدیاکاران.




# تابلۆی دیواربەندی هاوسەری !

هەموو ڕۆژانەی شەممە و لە دوای نیوەڕۆوە، لە شوێنێکی خۆشی باخچەیەکی وڵاتی چین، دیواربەندێکی گەورە تەرخان کراوە تا ببێتە تابلۆیەکی ئاگاداری و ڕێکلام، لەو شوێنەدا، ئەو دایك و باوکانەی کە کوڕ و کچیان هەن هێشتا هاوسەریان نەکردووە، ئەوانیش سیفات و کار و شێوەی کوڕ و کچەکانیان لە دیوارەکە هەڵدەواسن و ژمارەی خۆشیان دەنووسن، بە مەبەستی ئەوەی دایك و باوکێکی دیکە ئاگادارییەکە بخوێننەوە و پەیوەندییان پێوە بکەن، ئیدی کوڕ و کچەکانیان بۆ یەکتر قایل بکەن، ڕەزامەندی هەردووکیان لەو کاتە دێ کە دوای ئەوەی دایك و باوکی کوڕێك کچێکیان بە دڵ دەبێ لە تابلۆکەدا، دواتر لەگەڵ دایك و باوکی کچە قسە دەکەن، پاشان کچ و کوڕەکانیان بە یەکتر دەناسێنن تا ببنە هاوسەری یەکتر، ئەو کارەش بەهۆی ئەوەیە کە لەو وڵاتە خەڵك زۆرن و ناتوانن بە ئاسانی کەسێك ببینەوە، ئەو بیرۆکەیە لە ساڵی ٢٠٠٤ هەیە و تا ئێستاش هەزارەها کوڕ و کچی بە یەك گەیاندووە، ئەو باخچەیەش ناوی (سۆنگ لی)یە و دەکەوێتە جەرگەی شاری پەکینی وڵاتی چین.











## مەلەکردن لە مەلەوانگەی کۆکا کۆلا

ئەگەر ڕۆژێك داوایان لێت کرد مەلە لەنێو مەلەوانگەیەکی پڕ لە کۆکاکۆلا بکە، ڕەتی مەکەوە و مەڵێ ئەوە چۆن دەبێ مەلەوانگە کۆکاکۆلای تێدا بێت، چونکە هەر زانیومانە کۆکاکۆلا بۆ خواردنەوەیە، کەچی ئەو پیاوە ئەمریکییە مەلەوانگەیەکی لە کۆکاکۆلا پڕکردووە. (مایك بۆچێت) ئەو پیاوە ئەمریکییە سەرمایەدارەیە، کە لەسەر حەز و خواستی خۆی، مەلەوانگەیەکی دروست کردووە لە جیاتی ئاو، پڕی کردووە لە کۆکا کۆلا، وەك ئەوەی مەلەکردن لە نێو کۆکاکۆلادا خۆشترە لەوەی لەناو ئاودا بێت، ئەو مەلەوانگەیە (١٠٠) هەزار لیتر کۆکاکۆلای تێکراوە، بۆیە ئەو کارەشی کردووە، چونکە مایك ئەوەندە پەرۆشی خواردنەوەی کۆکاکۆلایە، تەنانەت دەیەوێ مەلەوانگەکەشی پڕ بێت لە کۆکاکۆلا، وێڕای ئەوەی مەلەکردن لە نێو کۆکاکۆلا، هیچ زیانێك بە جەستەی مرۆڤ ناگەیەنێت.

## سەیرترین جل و بەرگ



هەر نەتەوەیەك، خاوەن داب و نەریت و شێوازی خۆیانن، تەنانەت هەر نەتەوەیەك خاوەن جلێکی تایبەت بە خۆیانن، کە لە پێشینانەوە بۆیان ماوەتەوە و وەك ڕەمزێکیش بۆ ناساندنی خۆیان بەکاریدەهێنن، تەنانەت هەندێك لەو جلانە لەلای نەتەوەیەك جیاوازە لەوەی دیکە، کە ڕەنگە ببێتە جێگەی پێکەنین و گاڵتەجاڕی! لە دواترین هەڵسەنگاندا کە بۆ سەیرترین و جوانترین جلی نەتەوەکانی جیهانیان کردووە، جلی وڵاتی مەنگۆلیا، بە جوانترین و سەیرترین هەڵبژێدراوە، کە جلی خەڵکی ئەو وڵاتە لە چەندین پارچەی جۆراوجۆر و ڕەنگاوڕەنگە، هەر جلێکی نەتەوەیی ئەو وڵاتە نزیکەی دوو ڕۆژی دەوێت تا دروست دەکرێت، بەهۆی ئەوەی ئەوەندە نەخش و دیزاینی وای تێدایە، هەموو جلەکانیشیان بە دەست دەدوورن، بۆیە بە جوانترین و سەیرترین جل دانراوە.



### کاور ٣/٢١ - ٤/١٩

کاتێك بەرەو کارەکانت ڕێگە دەگری، دەبینی کۆمەڵێك کۆت و بەند هەن، زۆربەشیان لە نزیك خۆتن، بەڵام مانای ئەوە نییە دەستبەرداری کارەکانت بیت، هەمیشە بیر لە داهاتووت بکەوە، ماوەیەکە خۆت لە کەسێك نزیك کردووەتەوە، بەڵام ئەو هەستی بۆت نییە.



### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

شێوازی ڕێکخستنی کارەکانت دووبارە پێویستی بە چاککردنەوەیە، دەبێ بە وریاییەوە سەیری داهاتووت بکەیت، ماوەی ڕابردووت ساتێکی ناخۆش بوو، بەم زووانە ڕێگەی تازەت بۆت دەکرێتەوە، پێویستیت بە کەسێکی دڵسۆز و بە ئەزموون هەیە، بۆ ئەوەی ڕاوێژی پێ بکەیت.




### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

هەر هەنگاوێك دەهاوێژیت، پێویستە بزانی کە گەڕانەوەت ئەستەم دەکات، کاروبارت بە باشی ڕێکخستووە، بەڵام پێویستە هەمیشە چاوت لە داهاتووی خۆت بێت، خۆت بە کەسانی دیکە مەبەستەوە و ئەو کارەی ئێستات ئەنجامێکی گەورەی بۆت دەبێت، چەند ڕۆژێکی داهاتووت ئاکامەکەی دەبینیت.



### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

وریابە لەوەی کەسانێك دەیانەوێ کێشەت بۆت دروست بکەن، بەڵام لە ئەنجامدا پەشیمان دەبنەوە، ئەو کارەی ئێستات پێوەی خەریکی، تێیدا سەرکەوتوو دەبیت، بەڵام باری دەروونیت هەندێك ماندووە و پێویستیت بە پشوویەك هەیە.



### دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠

ئەو کاتانەی هەست بە تەنیایی دەکەیت، چاکترە خۆت بە کارێکەوە سەرقاڵ بکەیت، کاتێك بیر لە ڕابردووت دەکەیتەوە و بێ ئومێد دەبیت، هەستێکت لەلات دروست بووە و پێتوایە داهاتووت ناخۆش دەبێت، کەچی وانییە و ژیانت بەرەو باشتر دەچێت.




### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢


ئەو ماوەیەی ڕابردوو کەسێك ئازارت زۆری پێگەیاندووی، بێدەنگ بە بەرامبەری و هەر خۆی بۆت دەگەڕێتەوە، هەمیشە وریای کارەکانت بە و ئەوەندە دوودڵ مەبە، بەتایبەت کاتێك نیازت وایە کارێکی خێر بکەیت، هەر زوو پەشیمانی دەتگرێ و بێ هیوا دەبیت، ئەوە سوودی بۆت نییە.

## فێڵکاری چاو

- لەم وێنەیەدا پشیلەیەك لەسەر پلیکانەیەکە، هەوڵبدە بزانە ئەو پشیلە سەردەکەوێ، یان دێتە خوارەوە، هەروەها بزانە کە وێنەکە لە سەرەوە، یان خوارەوەی پلیکانەکە گیراوە!



## بیرۆکەیەکی جوان بۆ ئۆتۆمۆبێل !







لە یەکێك لە هەنگاوە جوانەکانی بواری هاتوچۆ و کاروباری پۆلیسی هاتوچۆدا، کە لەلایەن وەزارەتی ئاسایش و هاتوچۆی وڵاتی ئەرژەنتین جێبەجێ کـراوە، بیرۆکەیەکە باس لە نەهامەتـی و مردن دەکات، وەك هێمایەکە تا ئەو کەسانەی دەیبینن بیر لە خۆیان بکەنەوە. ئەو بیرۆکەیە بریتییە لە دانانی ئەو ئۆتۆمۆبێلانەی بەهۆی خێرایی لێخوڕین تووشی ڕووداوی پێکدادان بوون، لەسـەر شەقامە گشـتییەکانی شاریان داناوە، تا شـۆفێران هەسـت بە ئەنجامی خێرایی و کارەسـاتەکان بکەن. ئەو خێراییەی کە ئۆتۆمبێلەکانی تووشـی ئەو کارساتانە کردووە، پەندێکی باشـە و لەسەر ئۆتۆمۆبێلە پەککەوتووەکانیش نووسراوە: بۆ هۆشیاری و ئاگادارکردنەوە.



## بۆ زانیاریت


ڕەنگە زۆربەمـان کاتێك دەچینە دەرمانخانـەکان ئەو (لۆگۆ)یەمان بینیبێـت کە لە هەمـوو دەرمانخانەیەك هەیە و بریتییە لە کاسـێك و مارێکی لەسـەرە، لەوانەشە بیرتان کردبێتەوە کە ئەو کاس و مارە مانای چییـە؟ ئەم هێمایە دەگەڕێتەوە بۆ هێمای پزیشـکی لە سـەردەمی یۆنانییەکان، کە کەسـێکیان هەبوو بە ناوی (ئەسکلیبیۆس) و لەو سەردەمەدا کاری پزیشکی دەکرد. ڕۆژێکیان ئەسکلیبیۆس دارێکی لە دەسـت بوو، لە شوێنێك وەسـتابوو کە کونێك بوو، لەو کونەوە مارێك هاتە دەرەوە و بەسەر گۆچانەکەی کەوت، ئەویش مستێکی لە مارەکە دا و مارەکە کەوتە خوارەوە و لە هۆش خۆی چوو، دواتر چاوەڕێـی کرد مارێکی دیکە لـە کونەکە هاتە دەرەوە و گیایەکی لە دەم بـوو، کاتێك مارەکە گیایەکەی خسـتە دەمی مارە لە هۆش خۆچووەکە، یەکسەر بەخۆ هاتەوە، ئەسکلیبیۆسیش لەو کاتەوە زانی کە دەرمان لە گژ و گیایە و لە دوای ئەوەوە دەستی بە دروستکردنی دەرمان کرد و ئەو لۆگۆیەی بۆ خۆی دانا کە مارێکە سەر کاسێك کەوتووە.






## گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

ئەو نیازەی لە دڵتە بۆ ئەوکەسە، لەم کاتەدا هیچ ئەنجامێکی نابێت، بۆیە دەبێ ماوەیەکی دیکە هەوڵی بۆ بدەیت، بیروڕای خۆت بە کەس مەڵێ و هەمیشە بیانپارێزە، هەر هەنگاوێك دەهاوێژی سەرەتا بیری لێ بکەوە و پاشان کاری لەسەر بکە، لە ئیش و کارەکانت دوودڵ مەبە.



## شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

ساتەوەختێکی ناخۆش رووی تێکردووی و ئەوەش کاتییە و بەم نزیکانە تەواو دەبێ. هەست بەو کەسە ناکەی کە ئەویش ئەوەندە دەیەوێ لێت نزیك بێتەوە، رێگەی چارەسەری گرفتەکانت بگۆڕە، چونکە ماوەیەکە لە چارەسەری نەگەیشتیتە ئەنجام و سوودی بۆت نەبووە.



## دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

رابردووت بە ئێستا مەبەستەوە و هەمیشە چاوت لە کارو باری خۆت بێت، چونکە ماوەیەکە کەسێك دەیەوێ لێت نزیك بێتەوە و نیازی باش نییە، ئەو کەسەی ماوەیەکە کێشەتان هەیە لەگەڵ یەکتر، هەوڵبدە راستییەکان بزانێت تا لە ناوەڕۆکی گرفتەکان تێبگەن.



## گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

بیرۆکەکانت بۆ داهاتووی خۆت سەرەتا لەلای خۆت بپارێزە، پاشان لەلای کەسانی نزیکت باسی بکە، ماوەی رابردووت چەندین کێشە و گرفتی بۆت دروست کرد، لەگەڵ ئەو کەسە نزیکەت تێنەگەیشتن روویداوە و خۆشت چارەسەری کێشەکە بکە و گەشبین بە.



## کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

ئەرکی تۆ نییە کە بچیتە لای ئەو کەسەی بە هەڵە لێت تێگەیشتووە، ریگەی بدە ماوەیەك بیر بکاتەوە و پاشان رێگەی چارەسەر هەڵبژێرە، ماوەیەکە بیر لە داهاتووی خۆت دەکەیتەوە، بەڵام لە بیرکردنەوەکاندا بێ ئومێد دەبیت، ئەو کاتەی دەتەوێ لە کەسێك نزیك بیت، سەرەتا بیناسە.



## نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

ماوەیەکە دەتەوێت کارێك ئەنجام بدەیت و بە پەرۆشەوە چاوەڕێ دەکەیت، بۆ ماوەیەك فەرامۆشی بکە و خۆی بۆت دەبێ، کەسێك چاودێرێت دەکات و دەیەوێ لە دڵت نزیك بێت، لە رەشبینی دوور بکەوە و داهاتوویەکی باش چاوەڕێتە، لەو کەسەش تێبگە کە دڵی تۆی دەوێت.

## پەند و وتە!



**دان رازەر گەورە رۆژنامەنووسی ئەمریکی دەربارەی خەڵك دەڵێ:**

راستییەکی تاڵ و راستەقینەیە، پێویستە هەموو کەسیش ئەوە بزانن کە هەموو لایەنێك، یان هەموو کەسێك ئاواتی خێر و باشەی نییە بۆت، هەندێکیان کەسانی نزیکە و هەندێکیش بۆ بەرژەوەندی و هەندێکی دیکەش بۆ دژایەتیت.

## سەرکێشی و نەهامەتی وێنەگران



حەز و خولیای وێنەگران بۆ کارەکانیان، وەك خۆشەویستی دایك بۆ منداڵەکەی وایە، کە خۆیان دەخەنە سەر ئاو و ئاگر تا وێنەیەکی جوانیان دەست بکەوێ. سەرکێشی و نەهامەتی ئەوان لەوەدایە کە وادەزانن وێنەی سەیر و بەهێز و بەجۆش، پێویستی بە کاری ترسناك و بوێرانە هەیە، بەتایبەت ئەوانەی لە کاتی کارەساتەکاندا روودەدەن، هەروەها وێنەگرتنی گیاندارە ترسناکەکان، کە ئەوەش بوێری وێنەگری دەوێ تا کارێکی وادەکات، تەنانەت وێنەگر بە سیخوڕێکی ئاشتییانە دەناسێنن، کە دەبێ وەك سیخوڕ کار بکات لە پێناو بەدەست هێنانی وێنەیەکی جوان و سەرنجراکێش، ئەو وێنانە بەڵگەن بۆ ئەو قسانەی سەرەوە.





## تابلـــــۆ

**- تابلۆی تەم و مژی ترسناك :**

یەکێکە لە تابلۆ جوانەکانی وێنەکێشی وینسلۆ هۆمەر، کە ساڵی (١٨٣٦) لە ئەمریکا لە دایك بووە و ساڵی (١٨٨٥) ئەو وێنەیەی کێشاوە. ئێستا ئەو تابلۆیە لە موزەخانەی هونەرە جوانەکانی شاری بۆستنە، تابلۆکەی باس لە راوچییەك دەکات، کە دوو ماسی گەورەی راو کردووە و بە هیوای ئەوەیە بگاتەوە شوێنی مەبەست، بەڵام بەهۆی تەم و مژەوە رێگەی ون کردووە، لە تابلۆکەیدا رەنگی ئاو و دەریای بە جوانی هێناوە، هەروەها زیاتر رەنگی کزی بەکارهێناوە وەك مانایەك لە بێ ئومێد بوون.